داوات لێدەکەم سوێند بە خودا بخۆیت، ئایا گوێت لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: لە جیاتی من وەڵام بدەرەوە؛ خودایە پشتگیری لێبکە بە (روح القدس:جبریل)؟ ووتی: سوێند بە خودا بەڵێ

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: عومەر تێپەڕ بوو بە لای حەساندا -ڕەزای خوایان لێبێت- لەکاتێکدا (حەسان) لە نێو مزگەوتدا شیعری دەووت، عومەر سەیری کرد (بەشێوەیەک ئینکاری کردنی تێدا بوو)، (حەسان) ووتی: من شیعرم دەووت، وکەسێکی تێدا بوو کە لە تۆ باشترە، پاشان (عومەر) ئاوڕی دایەوە بۆ لای ئەبو هورەیرە، ووتی: داوات لێدەکەم سوێند بە خودا بخۆیت، ئایا گوێت لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە (سەبارەت بە حەسان) دەیفەرموو: «لە جیاتی من وەڵام بدەرەوە؛ خودایە پشتگیری لێبکە بە (روح القدس:جبریل)؟»، ووتی: «سوێند بە خودا، بەڵێ».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: حەسانی کوڕی سابت -ڕەزای خوای لێبێت- شیعری دەووت لە نێو مزگەوتدا، لەکاتێکدا عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- لە نێو مزگەوتدا بوو، ئیمامی عومەر سەیری کرد بەشێوەیەک ئینکاری کردنی تێدا بوو، کاتێک حەسان ئەمەی بینی؛ ووتی: من شیعرم دەووت لە نێو مزگەوتدا وکەسێکی تێدا بوو کە لە تۆ خێرتر وباشترە مەبەستی پێغەمبەری خودایە -صلى الله عليه وسلم-. (پاشان عومەر ئاوڕی دایەوە بۆ لای ئەبو هورەیرە): واتا داوای لێکرد کە شاهێدی بدات لەسەر شیعر ووتنی لە مزگەوتدا بە ئامادەبوونی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، وئایا پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ڕازی بووە لەسەر ئەمە وهانی داوە لەسەر شیعر ووتن، ئیمامی عومەر ووتی: (داوات لێدەکەم سوێند بە خودا بخۆیت، ئایا گوێت لە پێغەمبەری خودا بووە -صلى الله عليه وسلم- کە -سەبارەت بە حەسان- دەیفەرموو: لە جیاتی من وەڵام بدەرەوە): واتا لە جیاتی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وەڵامی موشریکەکان بدەرەوە، وهێرش بکە سەریان بە شیعر ووتنەوە؛ ئەمیش بۆ بەرگری کردن لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وبۆ سەرخستنی ئاینەکەی، وهەروەها ووتی: ئایا گوێت لێبووە کە بفەرموێت: (خودایە پشتگیری لێبکە بە -روح القدس:جبریل-؟): واتا بەهێزی بکە بەهۆی پشتیوانیکردنی جبریل -علیە السلام- بۆی، بۆئەوەی ئیلهامی پێببەخشێت شیعری بەهێزتر بڵێت و وەڵامی دوژمنانی ئیسلام بڕووخێت وئەو شیعر وهۆنراوانە شوێنی خۆی بپێکێت هەروەکو پێکانی تیر وڕمەکان؟، ئەبو هورەیرە ووتی: (سوێند بە خودا، بەڵێ): واتا ئەبو هورەیرە گوێی لێبوو شیعری دەووت لە کاتی ئامادەبوونی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە مزگەوتدا، وهەروەها گوێی لێبوو کاتێک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەو وشانەی فەرموو.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10889